یادی مەولودی پێغەمبەری مەزن(د.خ) لە هەولێردا

کابان عەبدولکەریم شێخ عەلی
مامۆستای زانکۆ

بوو لەدایکی هەینێ ئەو عالی صفات
نوری وی روناکی کرد دەشت و وڵات
حاضران هەستن بەشادی کەن قیام
بۆحبیبی خوا بکەن زۆر احترام

لەم رۆژانە یادێکی زۆر بەرزو و پیرۆز بەسەرماندا تێدەپەڕێت ئەویش یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرو پێشەوامان محەمەد (د.خ)، ئەم یادە یەکێکە لەو بۆنە ئایینییانەی کە وڵاتانی موسڵمان هەموو ساڵێک یادی دەکەنەوە، دیارە ئەم یادە جێگایەکی تایبەتی هەیە لەلایەن موسڵمانان بەتایبەتی موسڵمانانی شاری هەولێر، ئەو هەولێرەی کە بەناوبانگە بەیادکردنەوەی ئەم بۆنەیە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمی سوڵتان موزەفەر ئەتابەگی هەولێر هەرچەندە وا یاداشتکراوە کە فاتیمییەکان لە میسر بۆ یەکەمجار یادی لەدایکبوونی پێغەمبەریان (د.خ) کردۆتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سادەبوو کە بریتی بوو لە وتارو شیعر خوێندنەوە لەناو مزگەوتی ئەزهەر، لەمەککەش خەڵک تەنها لەم مانگە واتە مانگی مەولود دەچوون سەردانی ئەو ماڵەیان دەکرد کە پێغەمبەر (د.خ) تێیدا لەدایکبووە، هەروەها لەئەندەلوسیش یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر دەکرایەوە ئەویش بەشیعرو وتار خوێندنەوە، واتە ئەویش بەشێوێکی زۆر ساکار بوو، هەموو ئەو یادەوریانەی کە پێشتر دەکرایەوە هیچی لەئاستی ئەو رێورەسمەدا نەبووە کە لەهەولێر دەکرا، کەدواتربوو بە بەشێک لەدابونەریتی خەڵک و تا ئێستاش درێژەی هەیە. ئاشکرایە هەولێر لەسەردەمی سوڵتان موزەفەر زۆر گەشاوە بووە وەک مەڵبەندی رۆشنبیری وزانستی درەوشاوە لەنێو جیهانی ئیسلامی بەهۆی گرنگیدانی سوڵتان موزەفەر بەزانست و زانیاری، هەروەها گرنگییەکی تایبەتی دەدا بەیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) کە وەک مێژوونووسەکان دەڵێن بەهیچ جۆرێک ناتوانین وەسفی بکەین. خەڵکی جیهانی ئیسلامی و میرەکان و دەسەڵاتدار و سۆفی و زانا و شاعیر لە هەموو لایەکەوە رویان دەکردە هەولێر بۆ بەشداریکردن لەو رێورەسمەو ئەو یادە هەموو ساڵێک لە سەرەتای مانگی (ربیع الاول) یادکردنەوەکە دەستیپێدەکرد تا درەنگانی شەوی ١٣/١٢ (ربیع الاول) ئینجا چەندەها چادر هەڵدەدرا لەنێو قەڵاو دەوروپشتی قەڵا دەڕازاندراوە بە جۆرەها جوانکاری و لەهەر چادرێک گروپێک دادەنیشتن و دەستیان دەکرد بەتەپڵ و دەف لێدان و سرود گوتن و وتار خوێندنەوە، سوڵتان موزەفەر خودی خۆی سەرپەرشتی دەکردن و چاودێری دەکردو بەسەریان دەگەڕا و گوێی بۆ دەگرتن، ئینجا فەرمانی دەدا کەوا ژمارەیەکی زۆری حوشتر و مانگا و مەڕ و مریشک دەهێندرا بەدەف لێدان و سەڵاوات خوێندنەوە بۆ مەیدان و سەریان دەبڕی و دەیانکردە خواردن بۆ خەڵکەکە، ئینجا سفرە رادەیەخسترا لە هەموو جۆرێک خواردن و شیرنەمەنی دادەندراو لەم مانگە لە هەولێر هەمووکاری خۆیان رادەگرت تا یادەکە کۆتایی پێدەهات واتە بۆ ماوەی ١٢ رۆژ و سوڵتان موزەفەریش هەر لەگەڵ خەڵکەکە دەماوە و بەشداری دەکرد لەگەڵیان لە هەموو رێورەسمەکان ئینجا لەرۆژی ١٢ (ربیع الاول) کە بەیانییەکەی رۆژی مەولود بوو فەرمانی دەدا کەوا (دیارییەکان) لە قەڵا بیننەخوارێ بۆ خانەقا لەسەردەستی سۆفییەکان (چونکە لە هەولێر سۆفی زۆربوون) سۆفییەکان یەک بەدوای یەک لە قەڵاترا دەهاتنە خوارەوە و هەریەک لەوان (بوخچەیەکیان) لە دەست بوو ئەویش واتە سوڵتان موزەفەر دواین کەس بەدوایان دەهاتەخوارێ، داوای دەکرد لەمیوانەکان کەبریتیبوون لەمیر و کاربەدەستان و شاند و فەقێیەکان و وتارێژ و شاعیرەکان کەوا راوەستن ئینجا یەکە یەکە بوخچەکانی کە دیارییەکانی تێدابوو دەدا دەستیان واتە پێشکەشی دەکردن، ئینجا پاش کۆتایی هاتنی رێورەسمەکە واتە شەوی ١٣/١٢ خەڵکەکە ئامادەدەبوون بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، سوڵتان موزەفەر خەرجی گەڕانەوەیان دەدانێ و لەسەرچاوە مێژوویەکان یاداشت کراوە کەوا ئەبو خەتاب عومەر بن عەلی کەناسراوە (بابن دحیە الاندلسی) دانەری (کتابی التنویر فی مولد االسراج المنیر) کە لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) هاتە هەولێر بەمەبەستی بەشداریکردن لەم یادە و هەرکە سوڵتان موزەفەر بەمەی زانی ١٠٠٠ دیناری وەکو پاداشت پێبەخشی و سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن کە سوڵتان موزەفەر هەر ساڵەی بۆ ئەم یادە زیاتر لە ٣٠٠,٠٠٠ دیناری ئەو کاتی خەرجکردووە.

جێگای ئاماژەیە هەتا ئێستاش هەولێر بەوە بەناوبانگە کە هەموو ساڵێک یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) بەرز و پیرۆز رادەگرێ کە ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە کاری چاک لەنێو کۆمەڵگای چاکەخوازدا پەرەی پێ دەدرێ و رێچکەی خۆی دەگرێ و بەردەوام دەبێت.

هەر شکۆدار بێت یادی مەولودی پێغەمبەری مەزن و هەر ئاوەدان بێت هەولێری دێرین کە یەکەمجار مەولودی بەزمانی شیرینی کوردی تێدا نووسراوە.



ڤیکتۆر هۆگۆ لە تاراوگەدا

ئا / ئاکۆ عەبدوڵڵا

ساڵی رابردوو یەک لەو پەرتووکە بەپێزانەی کە دەزگای ڤایار لە پاریس دەریکرد ، پەرتووکی (ڤیکتۆر هۆگۆ لەتاراوگە ١٨٥١-١٨٦٤) ی ژان مارک هۆڤاس بوو . ئەم پەرتووکە لە ١٢٥٨ لاپەڕە قەبارە مامناوەندی دابوو ، تێیدا رووماڵی یەک لەماوە بەبڕشتەکانی کاروانە درێژەکەی ئەدەبی هۆگۆی کردووە. نووسەر لەم بارەیەوە دەبێژێت:" ئەوەی هۆگۆ لەم ماوەیەی تاراوگەدا نووسی گەلێک زیاترە لەو رێژەیەی کەپێشتر نووسیبووی." ئاماژە بەوەش دەدات هەموو ئەو توێژینەوانەی تایبەتن بەو ماوەیە بەهەمان دیدە هەموو بەرهەمەکانیان وەرنەگرتووە، بەڵکو بایەخیان بەلایەنێک یاخود بەشێکی داوە.

ئەوەی کە ژان هۆڤاس ئەنجامیداوە، جۆرێکە لە (نوی دارێژتنەوە)ی زانیاری رووداو و سەرچاڵەکانی هۆگۆ، بەجۆرێک کە خوێنەر لەگەڵ هۆگۆ و کەسەکانی نزیکی ئەزموونی تاراوگە بچێژێت. بەکورتی نووسەرە لەم کارەیدا پێکهاتەی ئەو جیهانەی هێناوەتەوە ئارا کە هۆگۆ تێیدا ژیاو و پەرتووکی وەهاشی تێدا نووسیوە کە ملیۆنەها کەس لەسەرتاسەری جیهان دەیخوێنێتەوە و تا ئەمڕۆش خۆیان نوێ دەکەنەوە. زیادەڕەویش نییە گەر بڵێین ئەم گێڕانەوەی ئەم گەشتە نوێیەی ژیانی هۆگۆی گەورە شاعیر و نووسەر لەتاراوگە، بەتایبەتی لە بڕۆکسلی پایتەختی بەلژیکا زیاتر تێرو تەسەلترە لەو زنجیرە درێژەی کەوا خەڵکانێکی تر پێوەی خەریک بوون، ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە ژان مارک هۆڤاس تەواوی ژیانی خۆی تەرخانکردووە بۆ توێژینەوە و بەدواداچوونی ژیانی هۆگۆ. هۆگۆ بۆ ئەو، هەروەک لە پێشەکی ئەم پەرتووکەیدا دەڵێت : جیهان و پاڵەوان و جەنگە کۆتایەتەکەیەتی، تێیدا بە وردی چۆنیەتی هەڵسوکەوت و رەفتارکردنی هۆگۆ لەگەڵ کەسەکانی دەوروبەر و ئەو دەمەتەقێیانە دەخوێنینەوە کە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەیکرد، هەروەها ئەو پاساوانەش دەبینین کە بەردەوام بۆ هاوڕی سیاسییەکانی دەیهێنایەوە بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە لەیەکڕیزییان، چونکە ئەوان لەرەوتی جیاجیا پێکهاتبوون و بۆچوونیان لەئاست ناپلیۆن یەک نەبوو . لەو ماوەیەشدا هۆگۆ پەرتووکی (ناپلیۆنی بچووک) ی لەسەر لێوارەکانی زەریای ئەتلەسی نووسی.

هۆگۆ زۆر بەتوندی دژایەتی ناپلیۆنی دەکرد، بەجۆرێک کە دەزگاکانی ئاسایش لەپاریس کەسێکیان نارد تاراوگە لەسەر دەرگای ماڵی نبووسێت (هۆگۆ پیاوێکی بەدە) نووسەر دەڵێت لەو رۆژگارەدا ئەوانەی پەرتووکی (ناپلیۆنی بچووکییان) لە فەرەنسا خوێندبۆوە کە بە قاچاغ گەیشتبووە ناو فەرەنسا، چەندان مانگ لەبەندیخانە دەیان ناڵاند. لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت بارودۆخی ئەوسای فەرەنسا و جەنگەکانی چەندە مەترسیداربوون . نووسەر لەسەر زاری شارل هۆگۆی کوڕی ناوبراو ئەو راستییە دەخاتەڕوو کە دەڵێت " باوکم رۆڵی ئاشبوونەوەی دەگێڕا لەنێوان ئەو کەسانەی کە رایانکردبوو، کەچی ئەوان لەناو دەریا کەوتبوونە گیانی یەکتری."

دواتر ژان هۆڤاس داکۆکی لەوە دەکات هۆگۆ لەتاراوگە هەموو جۆرەکانی دڵەڕاوکێ و ترسی چێشتووە، دڵەڕاوکەی ئایینی و ترس لە کۆت کردنە دەست.ئەمەو هەستیشی بەدابڕان دەکرد، بەڵام (بەندیخانەی تاراوگە) قەرەبووی بۆ کردەوە، بوو بە هەوێن بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەک رۆمانی بەپێز لەوانە (بێ نەوایان)کە یەکسەر دوای بڵاوبوونەوەی لەناو فەرەنسا دا شەپۆلێکی ناو بۆکچان و کوڕان بەناوی (کوزیت) ی منداڵی ناو ئەم شاکارە تەنیەوە.

جێگای سەرنجە ژان هۆڤاس لەشیکردنەوەکانی بۆ ئەو رۆژنامانە گەڕاوەتەوە کە لەو کاتە دەردەچوون کە هۆگۆ لەتاراوگەدابوو، هەروەها پشتی بەو نامانەش بەستووە کە ناوبراو لەگەڵ هاوڕێکانی لە پاریس و شوێنەکانی تر ئاڵوگۆڕیان دەکرد، ئەمە جگە لەوەی بە وردی لە واتاکانی ئەو شیعرانەی هۆگۆی کۆڵیوەتەوە کە لەو ماوەیە نووسیبووی تا تروسکایی بدەن بەژیانی خاوەنەکەی. ئەنجام دەگاتە ئەوەی پێمان بڵێت ئەو نەیارە سەر سەختەی ناپلیۆنی سێیەم وەها خۆی دادەنا کە داوای لێکرابێت (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا) بنیاد بنێت، بەبی ئەوەی گوێ بەو کۆسپ و بەربەستانە بدات کە پرۆژەکەیان بەرەو مەحاڵ دەبرد. یاخود سپی داگەڕانی ردێنی بە هێند هەڵبگرێت.

ماوە بڵێین ژان مارک هۆڤاسی توێژەری سەنتەری نیشتیمانی فەرەنسی بۆ توێژینەوەی زانستی پێشتر بەبۆنەی ٢٠٠ ساڵەی لە دایکبوونی هۆگۆ پەرتووکێکی تری بەناوی (ڤیکتۆر هۆڤۆ بەر لە تاراوگە ١٨٠٢ ١٨٥١) بڵاوکردەوە، ئێستاش لەئامادەکاریدایە بۆ نووسینی پەرتووکی سێیەمی ئەم زنجیرەیە بەناوی (ڤیکتۆر هۆگۆ پاش تاراوگە) .

سوود لە ماڵپەری ئەلبەیانی ئیماراتی وەرگیراوە.

کتێبخانەکەم

سامی قادر: کتێب باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ ناخی خۆیدا بدوێت

کتێبخانەی ماڵەوە مەرج نییە تەنها ئەو کەسانە هەیانبێت، کە نووسەرن، یان رۆژنامەنووس و رۆشنبیرن، بەڵکو جاری واهەیە خوێنەرێکی ئاسایی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند لە ماڵەوە دادەنێت و رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر پەرەی پێدەدات.
ئەمەش هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤەو بە پەیداکردنی دۆستایەتی لەگەڵ کتێب چ کاتێک دوژمنت بۆ پەیدانابێت، بۆیە لەم ژمارەیەدا کتێبخانەی تایبەتی بەڕێز سامی قادر خوێنەرو وەرگێڕ لە کۆیە بەسەر دەکەینەوەو هەوڵدەدەین زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەین.

دیمانە: شوان سەرابی

*** چ هۆیەک وایکرد لە دنیای کتێب نزیک ببیەوە؟**

- خواستنی کتێبێک لە برادەرێکم بەناوی عەبدوڵڵا فەتاح خۆشناو، کە ئێستا لە ئوسترالیایە، چاپخانەو کتێبەکانی رەحمەتی گیو موکریانی بوونە هۆی ئەوەی کە ئاشنایەتی لەگەڵ کتێب پەیدا بکەم و دەست بە خوێندنەوە بکەم. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وردە وردە کتێبخانەیەکی بچووک لە ماڵەوە دابمەزرێنم، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤، کە پەیوەندیم بە شۆڕش کرد بەشێک لە کتێبەکانم لەژێر خاک لە ماڵەوە شاردەوەو پاش گەڕانەوەمان لە دیوی ئێران لە ئۆردوگای نیلۆفەر لە کرماشان تەماشام کرد بەشێکی زۆری کتێبەکانم نەماوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو خولیای خوێندنەوەی کتێب لە مێشکم دەرنەچوو و بە بەردەوامی دەمخوێندەوەو تا ئێستاش بەردەوامم.

*** لەو رۆژگارەدا خوێنەرانی کتێب لە چ ئاست و رێژەیەکدا بوون؟**

- بێگومان کەسانێکی زۆر هەبوون، لەوانە: جەمال هەرشەم، کاکە زیاد لادێی و دڵشاد کوردۆ و شێرزاد هەینی و مەجید عەبدوڵڵا کەلوڕی خوالێخۆش بێت سەرباری عەبدوڵڵا فەهەمیش یەک لەو کەسانە بوو، کە لە گەڵماندا دەیانخوێندەوە، نەوەی پێش ئێمەش هەبوون، کە بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوون، یان تا ئێستاش بەردەوامن لە خوێندنەوە؟
هەندێکیان پلەی خوێندنی باڵاشیان تەواوکرد، هەندێکیشیان نووسەری زۆر چاکیان لێهەڵکەوت بۆ نموونە: شێرزاد هەینی، کە زۆر لە مێژە نەمدیتووە، بەڵام ناوە ناوە نووسینەکانی لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان بەرچاوم دەکەوێت واتە هاوڕێکانم زۆربەیان بوونە نووسەر.

*** کتێبێک هەیە لە ژیانتدا کاریگەری لێتکردبێت و بەهۆیەوە ژیانت گۆڕا بێت؟**

- سەرەتا زۆر سەرسام بووم بە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و جەلالی میرزا کەریم و ئەو گروپەی دواتر بوونە روانگەو لە راستیدا من زیاتر بەرهەمەکانی ئەوانم دەخوێندەوەو بێگومان کاریگەریشیان لێکردم و ژیانیان گۆڕیم و زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ نوێخوازی پێی پەیداکردم سەرباری ناڵەی جودایی هێمن، کە پێموابێت ژیانیشی گۆڕیم.

*** بیرەوەرییەکت لەناو شۆڕش لەگەڵ کتێبدا ئەگەر هەبێت؟**

- بە بیرم دێت لە مزگەوتەکەی گەلاڵە دیوانێکی سافی هیرانیم دەستکەوت و ئەویشم بەگەڵ کتێبەکانی خۆمدا، کە بچووبوومایە هەر شوێنێک بە کۆڵمەوە بوون.

*** پاش خوێندنەوەی (کتێب) بەهای خۆی دەمێنێت، یان دواتر بۆ چ باشە؟**

- کتێب بە خوێندنەوەی یەک جارو دووجار پێموانییە بەهای خۆی لە دەستبدات، چونکە یەکجار خوێندنەوە وا لە خوێنەر دەکات تەنها لە هێڵە گشتییەکانی بگات. بۆیە واچاکە کتێب چەند جارێک بخوێنرێتەوە تا لە وردەکارییەکانی بگەیت، ئەوجا هێشتا بایەخی خۆی لە دەست نادات و وەک سەرچاوەش بەکاردێت.

*** کتێبێک، کە زۆرترین جار خوێندۆتەوە؟**

- ژانی گەل...

*** هەوڵتنەداوە شتێک لەم جۆرە بنووسیت؟**

- نەخێر.. بیرم لەوە نەکردۆتەوە، کە لاسایی هیچ نووسەرێک بکەمەوە.

*** لە نووسین زیاتر گرنگیت بە وەرگێڕان داوە، بۆچی؟**

- یەکەمین شتم، کە وەرگێڕا، پێموابێت لە ساڵی ١٩٧٣ بوو، کە شیعرێکی پۆشکین بوو ئەوکاتە باوکم پیاوێکی تێکۆشەربوو لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان، واتە ئەندامی ناوچە بوو، سەرپەرشتی رێکخراوی شەهیدانی دەکرد.

*** کۆکردنەوەی کتێب چ زیانێکی پێ بەخشیوویت و چ سوودێکی پێگەیاندوویت؟**

- پێموابێت تا ئێستا هیچ زیانێکم لێنەکەوتووە ئەگەرچی لە قوتی منداڵەکانم گرتۆتەوە چ کاتێک بە زیانیشم نەزانیوە، بەڵکو سوودێکی زۆریان پێگەیاندووم لە رووی رۆشنبیری و هۆشیارییەوە.

*** بەر لە ژنهێنانت و دوای ژنهێنانت کەسێک هەبووە بەربەست بێت لەبەردەم پەیڕەوکردنی حەزو خولیاکانت، کە لە خوێندنەوەو کڕینی کتێب بەرجەستە دەبێت؟**

- نەخێر.. بەر لە ژنهێنانم باوکم یارمەتی دەدام بەو پێیەی کەسێکی تێکۆشەرو کوردپەروەر بوو، دوای ژنهێنانیشم هاوسەرەکەم، واتە چ کاتێک کەسێک بەربەست نەبووە لەبەردەم هێنانەدی حەزو خولیاکانم، بەڵکو هاوکاری و پاڵپشتییەکی زۆریان کردوومە بەتایبەتی دایکی ئارام یەک لەو ژنانە بووە، کە زۆر یارمەتیدەرو پارێزەری کتێبەکانم بووەو هیچ کاتێک پێی نەگوتوومە تۆ بۆچی هەموو کاتەکانی خۆت بە خوێندنەوەو خەریکی کتێب

بەسەردەبەیت، بە کورتی چ کاتێک رێگر نەبووە، بەڵکو هاندەریشم بووە.

*** جگە لە تۆ لە ماڵەوەتان کەسێکی دیکە هەیە خولیای کتێب و خوێندنەوە بێت؟**

– بەداخەوە زۆر نییە، تەنها ئارام جار جارە رۆمان دەخوێنێتەوە، بەڵام کچە بچووکەکەم کوردستان باش دەخوێنێتەوە بەتایبەتی شیعرو چیرۆکی کورت. هەروەها لە رووی تایپکردنیشەوە زیرەکەو یارمەتی خەڵکیشی داوەو ناوی بەسەر چەند کتێبێکەوە هەیە.

*** کەوابێت دوارۆژی کتێبخانەکەت روونەاکە؟**

– بەڵێ..

*** پێمان باشە بەراوردێکی کورتی خوێنەری کتێب و کڕیاری کتێبی ئەوسا، کەتۆ دەستت پێکرد لەگەڵ ئێستادا بکەیت چ دەڵێیت؟**

– پێموابێت ئەوکاتی، کە من دەستمپێکرد هەم خوێنەرو هەم کڕیاری کتێب زۆر لەوەی ئێستا زیاتر بوون. واتە لەگەڵ ئەو کەش و ئازادییە ناگونجێت، کە ئێستا ئێمە تێیدا دەژین.

*** پێتوایە هۆی لە کورتیدانی خوێنەر بەگشتی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– پێموابێت پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو بچووکبوونەوەی جیهان و هۆکاری تەرفیهییەکان، کە کاتێکی زۆری خەڵکی گرتووەو وایلێکردوون کە نەپرژێنە سەر خوێندنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەن بۆ نموونە وەکو من بەهیچ شێوەیەک بایەخ بەو شتە نوێیانە نادات، بەڵکو زیاتر بایەخ بە خوێندنەوە دەدەم.

*** کاتێک لە کتێبخانەکەت کتێبێک بەدەست دەگریت هەست بە چی دەکەیت؟**

– کە کتابێک بەدەستەوە دەگرم هەستدەکەم لەگەڵ کەسێکی دیکە گفتوگۆ دەکەم، واتە کتێب باشترین دۆستە. و باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ ناخی خۆی بدوێت.

*** خۆشەویستترین کتێب لەناو کتێبخانەکەتدا کامەیەو بۆچی؟**

– مەموزین لای من لە هەموو کتێبەکانم خۆشەویستترە بەتایبەتی وەرگێڕانە سۆرانییەکەی هەژار موکریانی، کە پشتی زۆر پێدەبەستم.

*** لەم ژووری کتێبەدا، کە پێموانییە جێی کتێبی دیکەی تێدا مابێت، هەموویت خوێندۆتەوە؟**

– نەخێر... تا ئێستا پێڕانەگەیشتووم هەمووی بخوێنمەوە.

*** کەوا بێت بۆچی ئەو هەموو کتێبەت کڕیوە؟**

– باشە من بە ئومێدم، ئەگەر تەمەن درێژەی هەبوو بیخوێنمەوەو، ئەگەر بۆ خۆشم دەرفەتم بۆ نەڕەخسێت هەمووی بخوێنمەوە خۆ یەکێکی دیکە سوودی لێی دەبینێت و ئەمەش بەلای منەوە گرنگترین شتە.

*** تا چەند قوتابیان سوودیان لە کتێبخانەکەت بینیوە؟**

– من ژمارەیەک هاوڕێی خۆم هەن لە زانکۆی کۆیە وەک مامۆستاو خوێندکار، کە شارەزان لەوەی من کتێبم هەیە. بۆیە بۆ باسی دەرچوون، یان نامەی ماستەر، یان بۆ دکتۆرا دێنە لای من و سوودیان لێ بینیوە بۆ نموونە: خەڵک هەبووە هاتووە بەیەکەوە (٧٠) کتێبی مێژوویی لەلای من بردووەو نزیکەی ماوەی یەک ساڵ لای ماوەتەوەو هەتا من لێی بێ هیوا بوومە، بەڵام دواتر خۆی گەڕاندیتییەوە.

*** چ زۆر نیگەرانت دەکات لەناو کتێبخانەکەتدا؟**

– کتێبێک، کە زۆر لێی دەگەڕێم نایدۆزمەوە، یان یەکێک کتێبێک دەبات و نایگەڕێنێتەوە، بۆیە ناچار دەبم لێی کۆپی بکەم و پەیدای بکەمەوە، کتێبیشم لەم بابەتە زۆر لێ رۆیوە.

*** جگە لە ئەدەب و مێژوو کتێبەکانت زیاتر لە چ بەرجەستە دەبن؟**

– جۆراو جۆرن، لەوانە: فەلسەفە، سیاسی، بیرەوەری و فەلسەفەی زانستی و رۆمان و دیوانی شیعری کلاسیکی و نوێخواز لە کتێبخانەکەم چنگ دەکەون.

*** چەند زمان دەزانی؟**

– کوردی و عەرەبی.

*** خۆت بە قەرزاری کتێبخانەکەت دەزانیت؟**

– بە دڵنیاییەوە، چونکە خەڵک بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەدەکردم، چونکە ئێستا خەڵک لە ئاستێکی باڵاتر هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات.

*** بە چ تورە دەبیت؟**

– بە کەسێک هیچ سەرەدەری لە کتێب دەرنەکات، بەڵام دەستی تێوەردەدات و لە بردنی ناسڵەمێتەوە.

*** کەسێک هەیە لاساییت بکاتەوە؟**

– بەڵێ.. کەسانێک هەن کە ناخوێننەوە، بەڵام داوای کتێبم لێدەکەن و رەنگە هەریەک لەوانە ئێستا ١٠-١٢ کتێبیان بۆ جوانی لە ماڵەوە داناوە.

*** کاتی بۆشاییت بە چ پردەکەیتەوە؟**

– بە خوێندنەوە..

سامی قادر لەچەند دێڕێکدا

* سامی قادر ئەحمەد لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری هەولێر لە دایکبووە.

* خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە هەولێر تەواو کردووەو لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وازی لە خوێندن هێناوە.

* لە ساڵانی ١٩٧٠ ەکان ئاشنایەتی لەگەڵ خوێندنەوە پەیدادەکات و ئێستاش وەک خۆی گوتی: هەتا بڵێی خوێنەرێکی باشەو بە بەردەوامی کتێب دەخوێنێتەوە بابەت و کتێبیش لە زمانی عەرەبی وەردەگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی، لە کۆیە نیشتەجێیە.

*** لەم کات و ساتەدا چ کتێبێکت لەبەردەستدایە، کە بیخوێنیتەوە؟**

– هیچ شتێک ناخوێنمەوە لەبەرئەوەی سەرقاڵی نووسینێکی زەید ئەحمەد عوسمانم.

*** تا ئێستا چەند کتێب و نامیلکەت وەرگێڕاوە؟**

– زۆرن، لەوانە: شەوی نووسکەی ئەحمەد حەبووبی، پرەنسیپەکانی مافی چارەی خۆنووسین و زەید ئەحمەد عوسمانی خەباتی کورد..تاد.

*** بۆ ئێستای خوێنەرانی میللەتی کورد پێت باشە زیاتر چ کتێبێک بخوێنرێتەوە؟**

– بەڕای من ئێستا مێژوو لە هەموو شتێک گرنگترە بۆ ئەوەی بە هەموو دنیا بڵێین ئێمەش نەتەوەیەکین لەسەردەمی مادەکانەوە تا ئێستا خاوەن مێژوو و کەلتوورو زمانی خۆمانین و شیاوی قەوارەی سەربەخۆی خۆمانین.

*** چیدیکە؟**

– سوپاستان دەکەم، کە لە هەولێرەوە بۆ کۆیە ئەرکتان کێشاوەو هیوادارم هەمیشە کتێبخانەکان بەسەر بکەنەوە بۆ پەرەپێدانی بواری رۆشنبیری و ناساندنی خەڵک.

تێبینی: ئەم دیمانەیە بەهاوکاری بەڕێزان عەبدوڵڵا زەنگەنەو د. ئازاد عوبێد ئەنجامدراوە.

لە هەولێر ئاهەنگی بووکگواستنەوە بەشێوەی بەزم و

رۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ١٨-٢-٢٠١٠ مۆزەخانەی ڕستن و چنینی قەڵات بە ڕەزامەندی بنەماڵەی بووک و زاوا ئاهەنگێکی لە سەر شێوەی دابوونەریتی کوردەواری کۆن، لە گوندی گردجوتیار سازکرد

فۆتۆ: سەفین حەمید

ڕەزمی فۆلکلۆری کوردەواری ڕەسەن بەڕێوە چوو

له پێشانگای کتێبی کۆماری ئیسلامی ئێران (١٥٠٠٠) ناونیشان خرایەڕوو

ئا: رۆژگار فازڵ
وێنە: فازڵ فەرامۆش

کتێب هەمیشە رۆڵی کاەریگەری هەبووە لە بەرەوپێشەوەچوونی بزاڤی رۆشنبیری وڵاتان لە جیهان، هەرێمی کوردستانیش بێبەشنییە لەم بەرەوپێشەوەچوونە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایەو کار بۆ ئەوەدەکات کە کتێبخانەکانی کوردی دەوڵەمەند بکات و کتێبی بەنرخ پڕ لە زانیاری بخاتە بەردەست رۆشنبیران و خوێنەران، بۆ ئەم مەبەستە ساڵانە چەندین پێشانگای کتێب لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، ئەمە جگە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب کە ساڵانە لە هەولێری پایتەخت بۆ سەدان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە لە گشت وڵاتانی جیهان دەکرێتەوە.

هەفتەی رابردوو کونسولییەی ئیسلامی ئێران بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاکردنەوەی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، هەستان بە کردنەوەی پێشانگای کتێبی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هۆڵی میدیای هەولێری پایتەخت، کە لە سەرەتای دەستپێکردنی کردنەوەی پێشانگاکە هەریەک لە کونسوڵسی ئێرانی (سەید عەزیم حوسەینی) و (نەوزاد هادی) پارێزگاری هەولێر و (میر ئەنوەری) سەرۆکی رێکخراوی رۆشنبیری و پەیوەندییەکانی ئیسلامی ئێران، وتاری خۆیان پێشکەش بە ئامادەبوون کرد، کە تیایدا رۆڵی ئەم پێشانگایەیان بە زیاتر نزیکبونەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان زانی، دواتر یەکە یەکە بەشەکانی پێشانگایەکەیان بەسەرکردەوە.

لەم بارەیەوە ئاغای میر ئەنوەری سەرۆکی پێشانگاکە بەم شێوەیە باسی لە پێشانگاکە کرد،

ئەم پێشانگایە کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان کراوەتەوە خۆیگرتووە لە (١٥٠٠٠) ناونیشان و نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) کتێب، ناونیشانەکانیش بریتین لە بوارەکانی زانستەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و منداڵان و هونەری و ئەدەبی و فەرهەنگی، ئەم کتێبانەی کە لە پێشانگاکە بەرچاودەکەون بەرهەمی (٧٠) دەزگای چاپ و بڵاکردنەوەن کە بە (٢١) گروپ بەشداریان کردووە، جگە لە کتێبەکانی دەزگاکانی ئێرانی کتێبی وڵاتانی دیکە بە شێوەی ئۆرگینال بەشداریانکردووە وەکو کتێبی (ئینگلیزی و ئەمریکی و عەرەبی)، سەبارەت بە بەشەکانی پێشانگاکەش گوتی: جگە لە کتێب چەند بەشێکی تایبەتیشمان کردۆتەوە وەکو بەشی لاوان

و ئافـرەتان و منداڵان، کـە تایبـەتمەندی خۆیان هەیە لە پێشانگاکەدا،

هەروەها گـوتیشی: کردنەوەی ئەم جۆرە پێشـانگایانە دەبێتـە هۆی بەهێـزبوونی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کـوردسـتـان، هەروەها ناساندنی مێژوو کەلتوورو فـەرهەنگی یەکترە،

لە کۆتایی قسەکانیشیدا هیوای ئەوەی خـواست کـە ئەم پێـشـانگایە ببـێـتـە سـەرچاوەیەک بۆ سـوود وەرگـرتنی هاووڵاتیـیـانی هەرێمی کـوردسـتـان و سوود وەرگرتنی قوتابییانی زانکۆکان و وەکـو سـەرچاوەیەکی زانسـتـی بەکاربهێندرێت.

دواتر بەڕێز شاکر ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری گـشـتـی رۆژنامـەنووسی و چاپ و بڵاکـردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبـیـری و لاوانی حکومـەتی هەرێمی کوردستان، سـەبارەت بە پێـشـانگاکە بەم شێـوەیە بۆمـان هاتەدوان: ئێـمـە وەکـو وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەمیشە ئامادەین بۆ ئاسـانکاریکردن و یارمـەتیـدانی ئەو وڵات و دەزگـایانەی کـە دەیانەوێت پێشانگای کتێب لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بۆ ئەوەی نووسەرو رۆشنبیران و دەزگا چاپەمەنییەکانی ئێمە بتوانن سـەردانی بکەن و ئەو پێـشکەوتنەی کـە لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی جـیـهـان هەیە سـوودی لێـوەوەربگرن، هـەروەها کـــردنـەوەی ئەم جـــۆرە پێشـانگایانە پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان لەگەڵ وڵاتان دونیا بەتـایبـەتی وڵاتانی دراوسێ بەهێـزتر و پتـەوتر دەکـات، و دەروازییـەکـیـشـە بۆ پێشکەوتن، وەکو هەموومان دەزانین کە ئێـران وڵاتێکی پێـشکەوتووە لە بواری چاپ و بڵاوکـردنەوە ئێـمـەش دەتوانین سوود لەم پێشکەوتنەی ئەوان وەربگرین لـــە رووی نـــاوەڕۆک و دیـــزایـــن و چاپەمـەنـیـیـەکـان و رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆمان پێشبخەین.

هەر لە پێشانگاکەدا نووسەرو رووناکبیر خەسرەو جاف، سەبارەت بە پێشانگاکە بەم شـێـوەیە رای خـۆی دەربڕی: لەم پێـشـانگایەدا زیاتر پەنجە خراوەتە سەر کتێبەکانی هونەری و زانستی و ئایینی بەگـشـتی، چەند کـتـێـبـێکی ئەندازیاریم دۆزیـیـــەوە کـــە ســـالانێکە بەدوایدا دەگەڕێم، بەڵام ئەو کتێبانەم نەبینی کە پەیوەستن بە ئەدەبیات وەکـو شـیـعـر و رۆمـــان و بابەتەکـانی فـەلسـەفی، بەهەرحاڵ کردنەوەی ئەم پێشانگایانە بۆ ئێـمـە شـتـێکی گـونجـاو و باشـە، لەم قـۆناغـــەدا بەشـــێـــوەیەکی تێکڕایی رۆشنبیری رەچاوە دەکرێت. ئومێدەوارم کە ئەم جۆرە پێشانگایانە بەردەوامبێت. جێگەی ئاماژەیە کە پێشانگاکە ماوەی هەشت رۆژی خـــایـــانـد لـە ١٥ تـا ٢٠١٠/٢/٢٢ بەردەوامـبـوو و رۆژانە لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تاکو (٨)ی ئێـــوارە پێـــشـــوازی لە خـــوێنەران و رۆشنبیران دەکرد.

شاکر ئەبو بەکر

ئاغای میر ئەنوەری


خەسرۆ جاف

فەرید مەخموری بۆ کوردستان

فەرید مەخموری لەساڵی ١٩٧٦ لەشارۆچکەی مەخمور لەدایکبووە، بەڵام لەبەر هەڵوێستی کوردایەتی لەوێ ناچاربووە کۆچ بکات و بێتە شاری هەولێر، سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ رووبکردۆتەوە دەرەوەی وڵات و ئێستا لەئوسترالیا نیشتەجێیە، ئەو سەرەتای شیعر نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٩، تاکو ئێستا خاوەنی سێ نامیلکەی شیعرییە بەناوەکانی (سەفەر) و (بڕوخێ بێدەنگی) و (ئازارێک لەگەڵمدا پیاسە دەکات)، ئەو عەشق بەمەرجێکی سەرەکی دادەنێت بۆ شاعیر و دەڵێ: شاعیر تا عاشقێکی راستەقینە نەبێت و تەواو بەناو مێرگی پڕ لە گوڵی عەشق گوزەر نەکات، ناتوانێت نهێنییەکانی ژیان بدرکێنێ و ئاوی نەمری لەکانی شیعر بخواتەوە.

ئا: هێمن محەمەد

*** سەرەتای دەستپێکردنی شیعر نووسینت بۆکەی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەوەی لەبیرم مابێ نووسینی یەکەمین دەقی شیعریم لەساڵی ١٩٨٩ بوو. کە ئەوسا تەمەنم ١٣ ساڵ بوو!. ئەوەش بووە خاڵی تێکەڵاوی من لەگەڵ دونیای پان و پۆڕی شیعر. بۆیە دەکرێ سەرەتای شیعر نووسینم بۆ ئەو مێژووە بگەڕێنمەوە، بەڵام بێگومان ناشێ بڵێم ئەوەی لەو مێژووەدا نووسیم بە مانای وشە شیعر بوو!.

*** زۆرێک لە شاعیران هۆکاری شیعر نووسینیان بۆ هەبوونی کاریگەرییەک دەگەڕێننەوە ئایا ئەو کاریگەریەی جەنابت چی بوو؟**

- ژیان لە نێو ئەوسای کۆمەڵگایەکی وێرانی وەک کوردستان، تێڕوانینی نەشیاوی دەوروبەر لە هەموو دیاردەکانی رۆژانە، جەنگ و وێران بوون و ستەم، چەند شکستێکی کەمەر شکێن لە دونیای ئەڤینداری، هەست بەکەمیی کردن لە بەرامبەر نەبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. ئەمانەو دەیان کاریگەریی تر دەستپێکی بڕستی ئەو هەنگاوە بوون کە بەرەو دونیای شیعریان بردم!.

*** شیعر زمانی ناسکی و دەربڕینی ئازارەکانە. ئایا شیعری ئێستا لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە؟**

- ناتوانم وەڵامێکی پڕ بەپێستی ئەو پرسیارەت بدەمەوە. ئەوە نەبێ شیعری ئێستا کەوتۆتە ناو گێژەڵووکەی تەکنەلۆژیاو بێ سەرو بەرییەکی زۆری پێوەدیارە!. بۆیەش دەڵێم (گێژەڵووکەی تەکنەلۆژیا) چونکە تەکنەلۆژیا بوارێکی وای هێناوەتە کایەوە کە بتواندرێ ئاسانکارییەکی بەرچاو لە بواری چاپەمەنیدا هەستی پێ بکرێ، بێگومان ئەو ئاسانکارییەش سوود و زیانی خۆی هەیە و بەبڕوای من شیعریش لێیانەوە بەدەر نییە.!.

*** چەند بەرهەمت بەچاپ گەیاندووە؟**

- سەرەڕای ئەوەی لەدوای راپەڕینەوە بە بەردەوامی شیعرەکانم لە بڵاوکراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بڵاوبوونەتەوە، تا ئێستاش توانیومە سێ بەرهەمی شیعریم بەچاپ بگەیەنم، کە یەکەمیان بەچاپێکی خراپ و تیراژێکی کەم بوو بەناوی (سەفەر) لە ساڵی ١٩٩٦ بڵاوبۆوە، بەرهەمی دووەمیشم لەساڵی ٢٠٠٠ بەناوی (بڕوخێ بێدەنگی) لەسەر ئەرکی رۆژنامەی میدیا بڵاوبۆوە، بەرهەمی سێیەمیشم کۆکراوەی بەشێکی زۆری دوو بەرهەمەکەی دیکەو، بەشێک لە ئەزموونی دەرەوەم بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ و لەسەر ئەرکی خۆم لە ژێر ناونیشانی (ئازارێک لەگەڵمدا پیاسە دەکات) بڵاو بۆوە.

*** بەچ شاعیرێکی کورد سەرسامی؟**

- هەمیشە دەقی جوان و بەرهەمی نایاب سەرنجیان راکێشاوم و کاریگەری خۆیان

به گشتی بەسەرمەوە بەجێ هێشتووە!. مەرج نییە ئەو دەقانەش هی شاعیرێکی ناسراو بووبن!. بگرە جاری وا هەبووە دەقی کەسێکی نەناسراویشم (لە رووی ناوبانگەوە) خوێندۆتەوەو چێژم لێی بینیوە!. بەڵام بەتایبەتی لە شاعیرانی کورد بە حاجی قادری کۆیی و ئەحمەدی خانی و جگەرخوێن و پیرەمێرد و عەبدوڵڵا پەشێو و لەتیف هەڵمەت سەرسامم ، پێموایە ئەو پرسیارانەی من بەدوای وەڵامەکانیاندا وێڵم لەناو شاکارەکانی ئەواندا دەستم دەکەون و رۆحی تینووم ئاودێر دەکەن..!

*** چەند شیعرت کراوە بە گۆرانی و گۆرانییێژەکان کێن؟**

– بە پێی ئەوەی ساڵانێکی زۆرە لە کوردستان دوورم، شیعرەکانیشم چ ئەوانەی دەستنووس بوون و چ ئەوانەی بڵاوبوونەتەوە، نەک هەر دەستی زۆریان پێکراوە! بەڵکو چەند جارێکیش لەلایەن کەسانی ویژدان مردووەوە دزراون و بەناوی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە!. بۆیە ئێستا ئامارێکی تەواوم لەبەر دەست نییەو نازانم چەندیان کراون بە گۆرانی!. بەڵام ئەوەی زانیبێتم تا ئێستا ئەم هونەرمەندانە بۆ گۆرانییەکانیان سوودیان لە هۆنراوەکانم وەرگرتوە: ئاشنا زرار، دلێر بەرزنجی، نینا ، فەرەیدوون هەولێری، مەبەست عەبدوڵڵا، گۆران ساڵح، دڵزار زرار، هەردی سەلاح، موئەیەد هەژار، سەبوور، مەغدید کەریم، سەفەر بانەیی، خۆشەوی عەزیز، ئالان عومەر، هتد...

*** ئایا هیچ لە شاعیرەکان رەخنەو پێشنیاریان لەسەر شیعرەکانت هەبووە؟**

– تا ئێستا چ بە دانیشتن و گفتوگۆ بووبێت یان بە نووسینی وتاری رەخنەیی شیعرەکانم دووچاری رەخنەی بونیادنەرو روخێنەریش بوونەتەوە!. بەڵام ئەو پاڵپشتی و رەخنە بونیادنەرانەی کە بوونەتە هۆی ئەوەی زیاتر گەشە بەبواری ئەدەبیم بدەم ئەنجامی گفتوگۆکردن بووە لەگەڵ ئەو بەرێزانە: کەریم شارەزا، فەرەیدوون سامان، شێرکۆ بێکەس، غەریب پشدەری، فەرید زامدار، ئەنوەر مەسیفی، ناڵە حەسەن، هەروەها

لەیەک نەچوون

تۆ کەسێکی لەناخەوە داڕماویت، بێ باوەڕی
تۆ مامۆستای دواکەوتن و زرە دارێکی بێبەری
دەمێک سپی و دەمێکیش رەش، رەنگی دڵخوازت کامەیە؟
هەر مرۆڤێک راستگۆ نەبێت شایستەی ئەو ئاکامەیە!
ئەفسوونێک لە نێوانمانە بێ کۆتایی و سەرەتایە
بەدەست تۆوە هێندە ماندووم، وا دەمکوژێ ئەم پەتایە
دەڵێی لە (وانە)ی ئازاردان سەد لەسەر سەدت هێناوە
کۆشکی هیوام لەگەڵ تۆدا وێرانە وەکو کەلاوە
بێگومانی ئەوەی دەیکەی هەمووی یاریی پەتپەتێنە
کەچی هێشتا ئاخافتنت هێندە رەقە، دڵشکێنە
هەرچیی وتەو بڕیارتە لای من پوشێکی سووتاوە
هەرچیی هەست و رەفتارتە لەمێژە باویان نەماوە
هێندە کۆشام و ئۆقرەم گرت، وشکبوو دەریای ئارامم
بۆ نەمانی ئەم کێشەیە دەست بەتاڵ و بێ ئەنجامم
کوانێ ئێمە لەیەک دەچین، تۆ ژاوەژاو من تەنیایی
گوناه نییە بەدیارتەوە دابنیشم تا کۆتایی؟!.....

نامەیەکی شاعیری گەورە عەبدوڵڵا پەشێویش هانیداوم بۆ ئەوەی وردتر و حیساب بۆکراوتر بۆ دونیای ئەدەبی قووڵ ببمەوە..!

*** مرۆڤ پێش ئەوەی شاعیر بێت پێویستە عاشق بێت، ئایا تۆ ئەو مەرجە چۆن دەبینی؟**

– من ئەوە بە مەرجێکی سەرەکی دەبینم و پێموایە شاعیر تا عاشقێکی راستەقینە نەبێت و تەواو بەناو مێرگی پڕ لە گوڵی عەشق گوزەری نەکردبێت، ناتوانێ نهێنییەکانی ژیان بدرکێنێ و ئاوی نەمری لە کانی شیعر بخواتەوە..!

*** وتەیەک هەیە دەڵێت، شاعیر بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت پێویستە دڵی لە دڵی کچێکی ناسک بچێت!، ئایا ئەم وتەیە چەند راستە؟**

– من پێموانییە هەموو کچێکی روخسار ناسک دڵیشی ناسک بێت!. دواتر تەنیا دڵناسکی و هەست ناسکی بەس نین بۆ سەرکەوتوویی دەقی شیعریی. بەڵکو پاشخانی ئەدەبی و، خوێندنەوەی بەردەوام و هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانە زیندووەکان و وێڵ بوون بۆ بەدەست خستنی سەرچاوەی نوێی ئەدەبی، ئەمانەو دەیان هۆکاری دیکە رەنگە ببنە دەوڵەمەندی دەق و مانەوەیان بە جوانی..!

*** مەخمور لای تۆ چی دەگەیەنێ؟**

– هەر مەخمور نا ، بەڵکو کوردستان بەگشتی لەلای من عەشقەو ئەم عەشقەش رۆچۆتە نێو ناخی ناخمەوە!، هەرگیز مەخموریشم بەو مانایە نەکردۆتە نازناوی خۆم، چونکە تەسک بینم و باوەڕم بە ناوچەگەرێتی هەیە، بەڵکو لەو روانگەوەوە بووە، پێموابووە ئەو کەسەی شارەکەی خۆی خۆشنەوێ ناتوانێت نیشتمانەکەشی خۆش بوێت!. بۆیە خۆشەویستی من بۆ ئەو شارە ئاماژەیە بۆ خۆشەویستی هەموو گوند و چیاو، هەموو بستێکی کوردستان..!

*** دوا بەرهەمت؟**

– دوابەرهەمم نووسینی چەند دەقێکی شیعری و چەند تێکستێکی حەیرانە، بەو هیوایەی لە داهاتوودا دەرفەتێک بڕەخسێ هەموویان لە بەرگێکدا بەچاپ بگەیەنم. هەروەها لەبەر خۆشەویستیی من بۆ ئێوەو گۆڤارەکەتان دوایین دەقی شیعری خۆمتان پێشکەش دەکەم کە تەنیا چەند رۆژێکە نووسیومە...

*** سوپاس**

– سوپاس بۆ ئێوەو گۆڤارە جوانەکەتان، هیوادارم لە داهاتوودا بتوانن ناوی (هەرێم)ی لەسەر لابدەن و بەتەنیا (کوردستان)ە جوانەکە بمێنێتەوە!....

ئامادەکردنی: ڕۆژگار فازل

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد

د. کاوە مەحمود شاکر وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە حەمید مراد سەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی عێراقی لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد، لە دانیشتنێکدا باس لە ڕەوشی ڕۆشنبیری و لاوان و وەرزش لە کوردستان کرا، حەمید مراد مەبەستی سەردانەکەی ڕوونکردەوە کە بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چالاکییەکانی وەزارەت و ئامانج و بیروبۆچوونەکان،

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان تیشکی خستە سەر کار و ئامانجەکان و هێڵە سەرەکییەکانی وەزارەت و ئەو یاسایەی کە دوای تێکەڵاوکردنی هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش وڵاوان دەرکراوە و بڵاوکردنەوەی لە نێوان خەڵکدا، هەروەها باسی لە پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ سەرجەم ڕۆشنبیران و وەرزشوانان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و شەفافییەت لە نێوان وەزارەت و ڕۆشنبیران کرد و ئاماژەی بەوەدا کە وەزارەت بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانە.

بڕوانامە بەسەر دەرچووانی خولی فێربوونی تیۆرەکانی میوزیک دابەشکرا

بە ئامادەبوونی بەڕێز د.کاوە مەحمود شاکر وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێورەسمی دابەشکردنی بڕوانامە بەسەر دەرچووانی خولی فێربوونی تیورەکانی موزیک دابەشکرا.

ئەم خولە لایەن بەڕێوەبەرایەتی هونەرەکانی میوزیکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر سەر پەرشتی کراو و لەماوەی ٢٠٠٩/١٢/٨ تا ٢٠١٠/١/١٨، بەردەوام بوو وتێیدا چەند مامۆستایەکی بە ئەزموون وانەیان گووتووەتەوە.

پاش دابەشکردنی بڕوانامەکان، هونەرمەند شێرزاد سەرسپی بەڕێوەبەری خولەکە وتەیەکی پێشکەش کرد، تێیدا باسی لە ئامانجەکان و بەهاکانی خولەکە کرد و هیوای خواست ئەم بڕوانامانە ببێتە پاڵپشتێک بۆ بەردەوپێشچوونی ئاستی هونەرمەندان لەم بوارەدا.

لەکۆتاییدا، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان ئاماژەی بە گرنگی بایەخ دان بە میوزیکی ڕەسەنی کوردی و سوود وەرگرتن لە میوزیکی جیهانی دا بۆ ئەوەی ئاسۆی هونەرمەندانی کورد فراوانتر بێت و هیوای خواست لە خولەکانی داهاتوو ڕەگەزی مێینەش بەشداربێت.

دەروازەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕۆژنامەگەریی ڕۆژانەو ڕاگەیاندن

ن: سامی ژوبیان
و: هاوژین عومەر
زنجیرە کتێبی (٤٠٧)ی دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩

لە دوو توێی سەدو پەنجاو یەک لاپەڕەدا، ئەم کتێبە بەسوودو گرنگە دەروازەیەکمان بۆ دەخاتە سەر پشت بۆ فێربوونی زانستیانەی هونەری ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ، لە کوردستاندا، ڕۆژنامەنووس بەردو پیشەزانی (پرۆفیشنەڵی) دەچێت، پێویستی بەزانست و هونەری ڕەسەن هەیە، پێویستی بەسەرچاوە هەیە، کە یەکەم هەنگاوە لەم ڕەوتەدا. بنیاتنانی ژێرخانێکی زانستیانە، لە فێربوونی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ دەزگا ڕۆژنامەگەرییەکان لەم خاڵەوە دەستپێدەکات.

ئەم کتێبەش بەردێکە لە بنیاتنانی تەلاری ڕۆژنامەگەری کوردی و بنیاتنانی ئەم ژێرخانە پێویستە ئەم کتێبە لە هەشت دەروو و چەند بەشێک پێکهاتووە، دەروازەیەکی زانستییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆژنامەگەری و ئەرک و چییەتی کاری ڕۆژنامەوانی و شێوازو دیسپلینی کار لەم بوارەدا، سەرەڕای شارەزابوون لە ئاکاری ڕۆژنامەنووس.

سەرەتا تیشکی خستۆتەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئەرکەکانی لە کۆمەڵگەدا، دواتر لە ڕای خەڵک دواوەو چۆنیەتی کاریگەری هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا. ئینجا هاتۆتەسەر خستنەڕووی چەندان زاراوەی ڕۆژنامەگەری و پێناسەکردنیان و چوارچێوە گشتییەکەی کاری ڕۆژنامەگەری، سەرەڕای باسکردنی بەشە جیاجیاکانی ڕۆژنامەو ئەرکی هەریەک لەسەر نووسەرو جێگرو سکرتێرو بەڕێوەبەری نووسین و ستافی ڕۆژنامە بەگشتی و وردەکارییەکانی نێو لاپەڕەکانی. هیوای سەرکەوتن بۆ هاوکارمان «هاوژین عومەر» دەخوازین و نوخشە لە دەیان بەرهەمی دیکە بێت.

وەزیری رۆشنبیری ولاوان ناوەندە رۆشنبیری و وەرزشییەکانی شەقڵاوە و هەریر و هیرانی بەسەرکردەوە

بەڕێز د. کاوە مەحمود شاکر وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوەندە رۆشنبیری و لاوان و وەرزشییەکانی شەقڵاوە و هەریر و هیرانی بەسەرکردەوە.

وەزیری رۆشنبیری و لاوان لە بەسەرکردنەوەکەیدا سەرەتا سەردانی قایمقامییەتی شەقڵاوەی کرد و لەلایەن بەڕێز دلاوەر ئۆمەر قایمقامی شەقڵاوە پێشوازی لێکرا، دواتر بە یاوەری قایمقامی شەقڵاوە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری شەقڵاوە و کتێبخانەی گشتی شەقڵاوە و بنکەی وەرزش و لاوانی شەقڵاوە و ستافی کۆمەڵەی رۆشنبیری شەقڵاوە و ستافی سەنتەری رۆشنبیری کۆڕێ و کۆمەڵەی رۆشنبیری کلدان و تیپی مۆسیقای سەفین یانکرد.

پاشان سەردانی ناحیەی هیرانیان کرد و لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی هیران پێشوازییان لێکرا و سەنتەری سافی هیرانی و کتێبخانەی گشتی هیرانیان بەسەرکردەوە.

لە دوایین وێستگەی سەردانەکەی وەزیری رۆشنبیری و لاوان بە یاوەری قایمقامی شەقڵاوە لە هەریر بوو و لەوێ کتێبخانەی گشتی هەریر و سەنتەری رۆشنبیری هەریر و کارگەی مافوری دەستکردی هەریریان بەسەر کردەوە.

لە هەموو وێستگەکاندا، وەزیری رۆشنبیری ولاوان مەبەستی سەردانەکەی بۆ ئەو فەرمانگە و ناوەندانە روونکردەوە کە بۆ چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی ئەم فەرمانگانە و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشە و گیروگرفتەکانیان و چۆنێتی چارەسەرکردنیان هاتوون.

لەلایەن خۆیانەوە، بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگانە چەندین راوپێشنیاریان خستە بەردەم وەزیری رۆشنبیری و لاوان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانیان.

خانمانی پیشەدار لە پێشانگایەکی کاری دەستی دا

ئا: بنار عەبدولئیلا

سەنتەری کەرکووک بۆ خانمانی پیشەدار لە درێژەی کارو چالاکییەکاندا بە هاوکاری ئەنجومەنی رێکخراوە ناحکومییەکان، هەستا بەکردنەوەی پێشانگایەکی کاری دەستی بۆ خانمانی بەهرەمەند، لە هۆڵی هوتێلی چوارچرا لە شاری هەولێر، کە تیایدا چەندین بەرهەمی جۆراو جۆری دەستی ئافرەتانی کورد نمایشکرابوو، کە هەریەکە لە بەڕێزان د.کاوە مەحمود شاکر، وەزیری رۆشنبیری و لاوان و خاتوو ئاسۆس نەجیب گەرمیانی، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئامادەی پێشانگاکەبوون.

خاتوو نەشوان جاف، سەرۆکی سەنتەری کەرکووک بۆ خانمانی پیشەدار، سەبارەت بە پێشانگاکەو سەنتەرەکەیان بەم شێوەیە بۆمان دوا: ئەو کارانەی کە ئەمڕۆ لەم پێشانگایەدا نمایشمانکردووە بریتین لە کاری دەستی وەکو چنین و گڵێم و بەڕەو خشڵ و جوانکارییەکانی ئافرەتان و هەویرکاری، بەرهەمەکانیش هی ئەو ئافرەتانەن کە ئەندامن لە سەنتەرەکمان، ئێمە هەموو پێداویستییەکانیان دەخەینە بەردەستیان و بەرهەمەکانیشیان لە پێشانگا نمایش دەکەین دواتر یارمەتیان دەدەین لە فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانیان، ئێمە بەهەموو شێوەیەک یارمەتی ئافرەتان دەدەین بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە بەهرەیەکیان تێدا بەدیدەکرێت، خاتو نەشوان سەبارەت بە سەنتەرەکەشیان گوتی: سەنتەرەکەمان لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە لەلایەن کۆمەڵێک لە خانمانی پیشەدار دامەزراوە، ئامانجیشمان یارمەتیدانی ئەو خانمانەیە کە بێکارن، تائێستا نزیکەی (١٥٠) ئافرەت لە سەنتەرەکەماندا ئەندامن لە گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیان رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایە.

وینە: سەفین حەمید

وەزیری رۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئوستورالیا کرد

بەڕێز د. کاوە مەحمود شاکر وەزیری رۆشنبیری و لاوان پێشوازی لە هەڤاڵ عەزیز سیان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئوسترالیا کرد.

لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم وڵاتانی جیهان و کاریگەری ئەم پەیوەندییانە لە پێشخستنی رەوشی رۆشنبیری و وەرزش کرا.

وەزیری رۆشنبیری و لاوان تیشکی خستە سەر کار و چالاکییەکانی وەزارەت لە بوارەکانی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان و کارەکانی داهاتووی وەزارەت لەم بوارانە و چۆنیەتی پتەوکردنی پەیوەندییە کلتوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان.